دکتورسالح ئیبراهیمی



# سوورەی ڕەعد: هەورەتریشقە ٤٣ ئایەتە

**سوورەی ڕەعد: هەورەتریشقە لە مەککە هاتۆتە خوارەوەو بە (بسم‌الله)وە ٤٣ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن

ئەلف، لام، ڕا ـ خوا بە واتایان زاناترە، ئەمانە نیشانەی کتێب (ی ئاسمانی)ن، ئەوەی لە لایەن پەروەرێنەرتەوە بۆ تۆ هاتووە، هەقە و بەڵام زۆربەی خەڵک بڕوا ناهێنن ﴿١﴾ خوایە ئەوەی کە ئاسمانەکانی بێ کۆڵەکەیێ کە بیبینن بەرز کردۆتەوە، لە پاشان لەسەر تەخت دانیشت و بەسەر عەرشا دەسەڵاتی پەیا کرد (و کاروباری گرت بە دەسەوە) و مانگ و تەبەقی ڕۆژی خستە کار، هەرکامیان تا ڕۆژگاری دیاریکراو دەگەڕێن، ئەو تەگبیری کارەکان دەکا، نیشانەکان (بۆ ئێوە) شیدەکاتەوە تا بەڵکوو بە دیداری خوا یەقین پەیا بکەن ﴿٢﴾ هەر ئەوە کە زەوی ڕاکێشاوە و پانی کردۆتەوە و لەوێدا چیا و زەریای داناوە و لە هەموو بەر و میوەیەک جووتێ (نێر و مێی) خوڵقاندووە، (پەردەی ڕەش)ی شەو دەکاتە بەر ڕۆژ، بەڕاستی لەمانەدا نیشانەگەلێک هەیە بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن و بیری لێدەکەنەوە ﴿٣﴾ لە زەویدا پارچە و کەرت (پاژ)گەلێ لە کەناری یەکتر هەن کە لێک جیان، باخگەلێک لە ترێی جۆربەجۆر و کشتوکاڵ و بێستان و خورما کە لفی یەکتر و لێک جودا کە لکەکانی لەسەر یەکن، هەموو ئەوانە بە یەک ئاو، ئاو ئەدرێن، لەگەڵ ئەوەش هەندێ لەوانە لەبابەت میوە و تام و مەزەوە بەسەر هەندێ تریاندا سەر دەخەین، بەڕاستی لەمەدا نیشانەگەلێک هەیە بۆ ئەوانەی ئەقڵی خۆیان دەخەنە کار ﴿٤﴾ ئەگەر سەیر دەمێنی و تەعەجوب دەکەی (و واقت وڕ دەبێ)، سەیر و عەجیب وا لە قسەی ئەواندا کە دەڵێن: ئایا ئەو دەمەی کە ببینەوە خاک و خۆڵ (جارێتر زیندوو دەبینەوە و دەگەڕێینەوە سەر خیلقەتی تازە و نوێ؟! ئەوانە کەسانێکن کە پەروەرێنەری خۆیان ماندەل و ئینکار کردووە و ئەوانە کۆت و زنجیر لە ئەستۆیاندایە و ئەوانە ئەهلی ئاگرن، لەوێدا بۆ هەمیشەیش قەتیس دەبن ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەوانە بەر لەوەی چاکە و پاداشت لێ بخوازن بەهەڵپە و بەلەز داوای ئازارت لێدەکەن، باوەکوو بەر لەوانیش زۆری وا هەبون تووشی جەزرەبە و بەڵای پەندهێنەر کراون، بەڕاستی پەروەرێنەرت بۆ خەڵک باوەکوو ستەمکاریشن لێبوردووە، بە هەقیقەت پەروەرێنەرت لە تۆڵەسەندندا توند و سەختە ﴿٦﴾ ئەوانەی وا خوانەناسن، دەڵێن: بۆچ نیشانەیەک لە پەروەرێنەریەوە بۆ ئەو نەهاتووە؟ تۆ تەنیا ترسێنەری و بۆ هەر هۆزێ ڕێنیشاندەرێک هەیە (ئەمانە گشتی بیانوون، نەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستی) ﴿٧﴾ لە تۆل و پزدانی هەر مێچەکە مێوینەیەکدا هەرچی هەیە خوا دەیزانێ، هەروەهایش لەوەی کەمی دەکەن (بەر لە کاتی خۆی دەزێن) یا زیادی دەکەن (ئاگایە)، هەر شتێک لای ئەو ئەندازەیەکی (دیاریکراوی) بۆ هەیە ﴿٨﴾ (خوا) لە دیار و نادیار ئاگایە، گەورە و جێ بەرزە ﴿٩﴾ کەسانێ لە ئێوە کە بە نهێنی و پەنامەکی و بە دزییەوە (بە سرتە) یا بە ئاشکرا (بە دەنگی بەرز) قسە بکا و دەنگ هەڵبڕێ ئەوانەی بە شەوا خۆ پەنا دا یا بە ڕووناکی بە ڕۆژا بێ و بچێ، لای خوا وەکوو یەکە و پێی دەزانێ - تەفسیری (ئەبووسعود عیمادی کورد) ﴿١٠﴾ بۆ ئەو فریشتەی وا هەیە کە لە بەر و لە پشت سەریەوە بە فەرمانی خوا لە ڕووداوی (غەیرە حەتمی) دەیپارێزێ، خوا چارەنووسی هیچ هۆز (و نەتەوە)یەک ناگۆڕێ تاکوو لە دەروونی خۆیاندا خۆ بگۆڕن، کاتێ خوا بیەوێ بەڵایەک بەسەر هۆزێکدا (لەبەر کردەوەی بەدفەریان) بێنێ، لەمپەر و بەرگیر و گەڕانەوەی بۆ نییە، بێجگە لە خوا پشتیوانێکیان بۆ نییە ﴿١١﴾ ئەو (خوا) زاتێکی وایە بەرقتان نیشان ئەدا کە هۆی ترسان و هۆی هیوایە، هەوری بارقورسی گەڕۆک (ی پڕ باران) بەدی دێنێ ﴿١٢﴾ هەورە بروووسکە لە سام و ترسی ئەو حەمد و پەسنی خوا دەکەن، هەورە تریشقەیش دەنێرێ و هەرکەس کە بیەوێ بەوە دەیگرێ، لە حاڵێکدا کە ئەوانە (بە دیتنی ئەو هەموو نیشانانەی خوا هێمان) لەبابەت خواوە کێشەنانەوە و مشتومڕ دەکەن، هەر ئەویشە هێزی بێبڕانی (سزادانی دەردناکی گەلێ توندوتیژە) فێڵزانیشی هەیە ﴿١٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



نزاو بانگێشتنی هەق هەر بۆ ئەوە (و تەنیا هاوار لە خوا بکەن) و کەسانێ کە بانگ لە غەیری خوا دەکەن، وەڵام نادەنەوە، وەک ئەوە دەمێنێ کە کەسێ لە دوور؛ دوو مستی خۆی بۆ لای ئاو درێژ کردبێ تا (ئاو) بگاتە دەمی، کەچی ناگاتە دەمی، (چونکە زۆر لە ئاوەکە دوورن)، نزا و پارانەوەی خوانەناسەکان پووچە و لە لارێیی و گومڕاییدایە ﴿١٤﴾ هەموو ئەوانە کە لە ئاسمانەکان و زەویدان، بیانەوێ و نەیانەوێ، بۆ خوایە هەروەها سێبەرەکانیان لە ئێواران و بەیانیاندا بۆ خوا سوژدە ئەبەن ﴿١٥﴾ بڵێ: چ کەسێ پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوییە؟ بڵێ: خوا، (لە پاشان) بڵێ: ئایا بێجگە لە خوا پشیوانتان بۆ خۆتان هەڵبژاردووە؟ کە (تەنانەت) خاوەنی سوود و زیانی خۆشیان نین نەخوازە بۆ ئێوە، بڵێ: ئایا بینا و نابینا یەکسانە؟ یا ئایا تاریکی و ڕووناکی وەک یەکن، یا هاوبەشانێکیان بۆ خوا داناوە کە بە گومانی ئەوان خولقاندوویانە، وەک خولقاندنی خوا، جا سەریان لێشێواوە؟ بڵێ: خوا خالقی هەموو شتێکە و هەر ئەویشە تاک و تەنیا و زاڵ و بەدەسەڵات! ﴿١٦﴾ خوا لە ئاسمانەوە بارانێکی نارد، جا لە هەر شیو و دۆڵ و ڕووبارێکەوە بە ئەندازەی خۆی سێلاوێک هەستا، کە پڕاوپڕی بارستایی نەوالان دێ، لەهی و لافاو، کەفێکی بڵیندی هاتە سەر، جا هەروەک ئەو کەفەوی بە هۆی ئاگر دەماندنێ دێتە سەر کەرەستەی خشڵ و شتی لەو جۆرانە، بەمجۆرە خوا بۆ ڕاست و ناڕاست نەزیلە دێنێتەوە، جا کەفەکە دەڕوا بە زەویدا، بەڵام ئەوەی قازانج و سوودی بۆ خەڵک هەیە (ئاو یا فلزی بێخەوش) لە زەویدا دەمێنێتەوە، ئا بەمجۆرە خوا نەزیلە دێنێتەوە (تەفسیری ئەبوسعود عیمادی کورد) ﴿١٧﴾ بۆ ئەوانەی کە وەڵامی پەروەرێنەریان داوە تەوە (سەرئەنجام و پاداش و) ئاکامیان چاکە، ئەوانەی بە پەروەرێنەریان وەڵامیان نەدایەوە، ئەگەر ئەوەی لە زەویدایە و بە ئەندازەی ئەوەش (و زیاتریش) هی ئەوان بێ، بۆ ڕزگار بوون لە ئازار و بەڵای خوا هەمووی بدەن (دیسان لێیان قەبووڵ ناکرێ)، پرسینەوەی خراپیان بۆ هەیە و جێگایان جەهەندەمە و فرە خراپە جێگایان ﴿١٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



جا ئایا کەسێ کە ئەزانێ ئەوەی لە لایەن پەروەرێنەرتەوە بۆ تۆ هاتووە هەمووی ڕاستە، وەکوو کەسێکە کوتوکوێر کە نابینایە؟! تەنیا خاوەنبیران تێدەگەن ﴿١٩﴾ ئەوانەی کە پەیمانی خوا بەجێدێنن و بەڵێن ناشکێنن ﴿٢٠﴾ ئەوانەی کە ئەو شتەی خوا ئەمری پێ کردووە بە جێی دێنن، لە پەروەرێنەریان ئەترسن و لە حیساب لێکێشانی دژواری (ڕۆژی بەرێ) ئەترسن ﴿٢١﴾ ئەوانەی کە لەبەر ویستی زاتی (پاکی) پەروەرێنەریان تابشتیان هێنا و نوێژیان بەجێهێنا و لەو ڕسق و ڕۆزییەی وا پێماندا‌ون بە نهێنی و بە ئاشکرا بەخشیویانە، بە چاکە، خراپە دەشۆنەوە و لە ناوی دەبەن، سەرئەنجامی چاکی ئەو دنیا هەر بۆ ئەوانە ﴿٢٢﴾ بەهەشت گەلێکی هەمیشەیی کە دەچنە ناوی، (هەروا) باووباپیران و ژنان و زارۆکانی چاکی ئەوان، لە هەر درگایەکەوە پەرییەکان دێنە لایان ﴿٢٣﴾ (بەوان دەڵێن:) سەلامەتان لەسەر بێ بەوەی کە خۆتان ڕاگرت و تابشتتان هێنا، جا چەند چاک و جوانە سەرئەنجامی چاکی ئەو دنیا ﴿٢٤﴾ ئەوانە کە پەیمانی خوا دوای بەستن دەشکێنن، ئەوەی کە خوا دەستووری پێ داوە کە بەجێی بێنن، دەیپسێنن، لە زەویدا خراپە ئەکەن، هەر بۆ ئەوانە لەعنەت و بەدفەرێ (و سزادانی) ئاخیرەت ﴿٢٥﴾ خوا ڕسق و ڕۆزی بۆ هەرکەس کە بیەوێ (و بە شیاوی بزانێ) زۆری (ئەداتێ) و بە هەرکەسیش کە بیەوێ بۆی کەم دەکاتەوە، ئەوانە بە ژیانی دنیا شاد (و خۆشحاڵ) بوون، کەچی ژیانی دنیا لە بەرانبەر ئاخیرەتدا بێجگە لە کالایەکی بێدەوام نییە ﴿٢٦﴾ خوانەناسەکان، دەڵێن: ئەگەر دروستە بۆچ نیشانە (کشگێری)یەک لە پەروەرێنەریەوە بۆ ئەو نەهاتووە؟ بڵێ: خوا هەرکەس کە بیەوێ لاڕێی دەکا و هەرکەسیش کە بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو، ڕێنوێنی دەکا ﴿٢٧﴾ ئەوانە کەسانێکن کە بڕوایان هێناوە و بە یادی خوا دڵنیا ئەبن، ئاگادار بە: بە یادی خوا دڵ و دەروون ئارام دەگرێ و دڵنیا دەبێ ﴿٢٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوانەی وا بڕوایـان هێنـا و کـردەوەی چاکیـان ئەنجـام دا، خۆشـترین ژیـان و باشـترین سەرئەنجامیان بۆ هەیە ﴿٢٩﴾ هەر بەمجۆرەی (پێغەمبەرانی بەرووومان نارد) تۆمان ناردە نـاو گەلێ کە بەر لەوانە گەلێتر هاتن و ڕۆیشتن کە ئەوەی بـۆ تـۆ هـاتووە، بۆیـان بخـوێنیەوە، لە حاڵێکدا کە ئەوانە لە خوای ڕِسق و ڕۆزیدەری خۆیـان حاشـا دەکەن، بڵـێ: ئەو پەروەرێـنەرمە، بێجگە لەو خودایێتر نییە، پشتم هەر بەو بەستووە و هەر بـۆ لای ئەویـش ئەگەڕێـمەوە ﴿٣٠﴾ ئەگەر قورئانێ وا هەبا کەژ و کێوەکان بکەونە جموجۆڵ یا زەوی بەو بڕگەبڕگە بـێ یـا بە هـۆی ئەوەوە مردووەکانی بە قسە هێنابا (هێمان بڕوا ناهێنن)، بەڵام هەموو کار و کردەوە بۆ خـوان، جا ئایا ئەوانە کە بڕوایان هێناوە، بـێ هیـوا بـوون و نـازانن کە ئەگەر خـوا بیویسـتبا هەمـوو خەڵکی (بەزۆر) ڕێنوێنی ئەکرد، کەسانێ کە خوانەناس بوون لەبەر کردەویـان هەمیشـە بەڵای سەختیان پێ دەگا یا هەر لە نیزیک بە مـاڵی خۆیـان ئەو بەڵایە دێـنە سـەریان تـا ئەو کـاتەی بەڵێنی (ئاخری) خوا دێ، خوا لە بەڵێنی خۆی لانادا ﴿٣١﴾ بە هەقیقەت (تەنیا گەپجاڕیـان بە تۆ نەکردووە) بە پێغەمبەرانی بەر لە تۆیش گەپجاڕیان پـێ کـردوون، جـا مـۆڵەتم بە کەسـانێ داوە، لە پاشان ئەوانم گرت، جا دیتت سزادانی (مـن) چـلۆن بـوو؟! ﴿٣٢﴾ جـا ئایا کەسـێ کە لەبان سەر هەموو کەسە و بەوەی کردوویەتی ڕاوەستاوە (و پارێزەری و چاودێری هەموو) دەکـا (وەکوو کەسێکە کە هیچ یەکە لەم شتانەی نییە) و ئەوانە هاوبەشیان بۆ خوا دانا، بڵـێ: ئەوانە ناو ببەن! یا بەو شتەی هەواڵی پێ ئەدەن کە لە ڕووی زەوی هەواڵی لـێ نییـە (و نـایزانێ)؟ یـا قسەی بە ڕواڵەت (بەڵام بێ واتا) دەکەن، (نا، هاوبەشێ بۆ خوا نییە) بەڵکوو کەسانێ کە کـافر بوون گزی و درۆیان بۆ ڕازاوەتەوە و بۆیان خەملاوە (و لەبەر ناپاکی دڵ و دەروون لایـان وایە کە وایە) و لە ڕێگای (خوا) گێڕدراونەتەوە، و لادراون، هەرکەس خوا لە ڕێگا لایدا ڕێنوێنێکی بـۆ نییە ﴿٣٣﴾ بۆ ئەوان هەتا لە دنیادا دەژین تووشی ئازاری سـەخت دەبـن، بەڕاسـتی جەزرەبەی دوارۆژیش دژوار و سەختترە، لە بەرانبەری خوادا هیچ کەس ناتوانێ لە خوا بیانپارێزێ ﴿٣٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەو بەهەشـتەی بە خۆپـارێزان بەڵـێن دراوە (ئەمەیە کـە) چۆمەئـاو بەخـوڕ بە ژێـر دار و باغەکانیدا تێدەپەڕن، میوە و سێبەری ئەو بـاغ و دارانە هەمیشـەیی‌یە، ئەمە سـەرئەنجامی کەسـانێکە کە پارێزکـار بـوون، سـەرئەنجامی خوانەناسـانیش ئـاگرە ﴿٣٥﴾ ئەو کەسـانەی وا کتێبی ئاسمانیمان پێ‌داون، لەوەی بۆ تۆ هاتووە شاد ئەبـن، هەندێکیشـیان بـڕوا بە بەعزێکـی ناکەن؛ بێژە فەرمانم پێ‌دراوە کە تەنیا خوا بپەرستم و هاوبەشی بۆ دانەنێم، تەنیا (خەڵـک) بـۆ لای ئەو بانگ دەکەم و گەڕانەوەی (هەمـوومـان) هەر بـۆ لای ئەوە ﴿٣٦﴾ هەروەهـا ئـێمە ئەو فەمانەی خۆمان بە عەرەبی بۆ تۆ هەنارد (قرانا عربیـا)، بەڕاسـتی ئەگەر لە هەوا و هەوەسـی ئـارەزووی ئەوان پەیـڕەوی بـکەی، دوای ئەوەی زانسـت و ئاگاداریـت بـۆ هـات، هـیچ‌کەس لە بەرانبەر خوادا پشتیوانی و بەرگریت لێ‌ناکا ﴿٣٧﴾ بە هەقیقەت ئێمە بەر لە تۆ پێغەمبەرێک نەبووە کە (بەر لە تۆ) نیشانەیەک بێنێ، مەگەر بە ئیجازەی خوا، بـۆ هەر کارێـک وەختێکـی تایبەت هەیە کە نووسـراوە ﴿٣٨﴾ هەرچی خـوا بـیەوێ لە نـاوی ئەبـا و هەرچیش کە بـیەوێ دەیهێڵێتەوە، کۆلکە و بنچینە و ماکی هەمـوو کتێبانیش (امّ‌الکتـاب) لای ئەوە ﴿٣٩﴾ ئەگەر هەندێ لەو سزایانە کە بەوان بەڵـێن ئەدەیـن، نیشـانی تـۆی بـدەین، یـا (بەر لە گەیشـتنی ئەم سزایانە) تۆ بمرێنین، جا بەڕاستی لەسەر تۆ ڕاگەیانـدنە و حیسـابی (ئەوانـە) لەسـەر ئـێمەیە ﴿٤٠﴾ ئایـا نەیانـدی و نەیـانزانی کە ئـێمە هەمـیشـە لە دەوروبەری زەوی (خوانەناسـان) کەم دەکەینەوە (کۆڕ و کۆمەڵ و ژیار و هۆزگەل بەرە بەرە لە ناو دەچن)، خـوا حوکـوومەت دەکـا و هیچ‌کەس توانای بەرگری کردنی فەرمانی خوای بـۆ نییە و هەر ئەویشـە کە بەپەلە و بەلەز بە حیسابی خەڵک ڕادەگا ﴿٤١﴾ کەسانێ بەر لەوان نەخشەیان کێشـا، بەڵام هەمـوو نەخشـەیەک تایبەتی خوایە، لە کردەوەی هەرکەسێک ئاگایە، خوانەناسـان ئەزانـن سـەرئەنجامی (چـاک و خراپ) لەو دنیا بۆ کێیە! ﴿٤٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



وە ئەوانەی کە خوانەناسن پێت دەڵێن: تۆ پێغەمبەر نی، بڵێ: (بۆ من) بەسە کە خوا و کەسانێ کە زانستی کتێب (و قورئان)یان لایە، لە نێوان من و ئێوەدا شایەد بن ﴿٤٣﴾ .

## سوورەی ئیبراهیم ٥٢ ئایەتە

**سوورەی ئیبراهیم لە مەککە هاتۆتە خوارەوە بە (بسم‌الله)وە ٥٢ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن

ئەلف، لام، ڕا ـ ئەمە کتێبێکە بۆ تۆمان هەناردووە تا خەڵک لە تاریکایی‌یەوە بە ئیجازەی پەروەرێنەریان بەرەو ڕووناکی (بروا و دادگەری و ئاشتی) ببەی، بۆ ڕێگای خوای بەدەسەڵاتی شیاوی هەموو پەسنێک ﴿١﴾ ئەو خوایەی کە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، تایبەتی ئەوە، واوەیلا بۆ خوانەناسان لە جەزرەبەی توند و سەخت ﴿٢﴾ ئەوانەی کە ژیانی دنیایان لە ئاخیرەت پێ خۆشترە و (خەڵک) لە ڕێگای خوا دەگێڕنەوەو دەبنە لەمپەر و دەیانەوێ ڕێی خوا لار و گێڕ و خواروخێچ بێ، ئەوانە لە گومڕاییدا زۆر پێوە چون لە خوا دوورن! ﴿٣﴾ ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە، مەگەر بە زمانی هۆزەکەی تا (بە ئاسانی ڕاستەقینەیان) بۆ بەیان بکا و تێیان بگەیێنێ، جا خوا هەرکەس کە بیەوێ (و بە شیاویشی بزانێ) ڕێنوێنی دەکا هەرکەسیش کە بیەوێ گومڕای دەکا هەر ئەویش بەتوانا و لەکارزانە ﴿٤﴾ ئێمە مووسامان بە نیشانەکانی خۆمانەوە نارد (و فەرمانمان پێدا) کە هۆزی خۆت لە تاریکایی ڕزگار بکە و بەرەو نوور و ڕووناکایی بیانبە، ڕۆژەکانی خوا (ڕۆژەکانی سەرکەوت ـ ایام الله)یان بخەوە بیر، لەمەدا نیشانەگەلێک هەیە بۆ هەر خۆڕاگر و تابشتهێنەرێکی زۆر شوکرانەبژێر ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi